## له یادی ئەنفالدا :
## هەرهەموتان بەخێر بێنەوە بۆ کوردستان

ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم..

**فڕۆکەوانەکانی کیمابارانن...**
**ئەفسەرەکان..**
**سەرکردەکانی سوپای ئەنفال**
**لۆتیەکانی دەرباری بەعس...**

بەر لە هەژدە ساڵ ئێوە هەرهەمووتان وەک ڕەوە کولەی بیابانەکانی باشوری وڵاتی عەرەبان هێرشتان کردە سەر وڵاتی هەنگوین و گوڵە هەناری من و ( **هەرچیتان کرد هەرچیتان برد خۆتان و خواو تراکتۆرەکان نەبێت کەس نەیزانی** *) کەڕۆشتیشن لە نێو فەرهەنگی پڕ لە خوێن و فتوحات و سەربڕینی خۆتانەوە تەنها یەک وشەی قێزراوتان بە ناوی ئەنفال بەدیاری پێشکەش بە فەرهەنگی کوردیمان کرد ،ئەوا ئەمڕۆش دەورو زەمانە گۆڕاوە و بەبێ هیچ پێشەکی و پاشەکییەک ملمی خوێناویم شمشێرەکانی عروبەی ئێوەی بەخشی، جەستەی خوێناویم کولە و مێشە برسیەکانی ئێوەی بەخشی، پەپولەو چۆلەکەو ڕێحان و میخەکەکانی وڵاتم زیخ ولم و تەپ و تۆزی بیابانتانی بەخشی ... بە بێ هیچ بەرامبەرو ئەملاو ئەولایەک وەک سەرکردەیەکی سیاسی پێتان دەڵێم

## وەرنەوە ئێرە وڵاتی خۆتانە

مێژوو کوا هێندە گرەوی لەسەر کراوە، کێ هێندە نەفامە لەمەودوا خۆی بە نوسینەوەی مێژو یان لێکولینەوەی جوگرافیا سەرقاڵ بکات، هەژدە پاکیزە چی یە باسی دەکەن ؟ لە نێو شەقامەکانی تاراندا ڕۆژانە سەدان مرۆڤ بە روداوی ئۆتۆمیل گیان لەدەست دەدەن ،کانیاوە بۆگەنەکانی من کە ئێوە کوێرتان کردنەوە، بەردەنوێژەکانی من کە ئێوە بە پۆستاڵەوە چونە سەری و بێ نوێژتان کرد، تەزبیحی دەست داپیرەو مامەپیرەمان، دەست و پەنجەی شەنگەبیرم هەر هەموو ئەمانە قسەی قۆڕو دەم درێژیی کوردە ناحالیەکانی هەندەران وناو وڵاتە .... من حسابم ، میری کوردان پێتان دەڵێم بەخێربێنەوە بۆکوردستان..

فڕۆکەوانەکان ئەی ئەوانەی کیمیا بارانی کوردستانتان کرد ، نزار خەزرەجی سەرکردەی سوپای ئەنفال هەرهەمووتان بۆ ئەم هەوارە وەرنەوە ڕۆژ ڕۆژی ئاشتەواییە یە ، حەجاج ، قەعقاع خالد ،ئەفسەرەکانی موخابەراتی شوعبەی شیمال، هەیسەم یوسف و کازم ساهر، لۆتیەکانی دەرباری عۆجەو تکریت وەرنەوە .. ئەم دەڤەرە دڵی سافە دەتانبەخشێت، گوێ مەدەنێ ساڵی جارێک چەند وتارو بەیت و بالۆرەیەکەو دوپات دەکرێنەوە خەمتان نەبێت،هیچ مەترسن لەم دەڤەرەی خاوەن دوو میر؛ ستراتیژی نیشتمانی و هێڵی سورو پرتەقاڵی وبەهای پیرۆز بونی نییە ، لەم دەڤەرە سرودی نوێمان پێیە

( اعبد کل شبر منک یا عراقی ) سرودێک کە گەواهی ملکەچی هەتا هەتایمان بە ئێوەی برا گەورەمان دەدات...

---

* دێرێکە لە هۆنراوەیەکی شاعیر جەمال غەمبار